
# بۆکان و ناوچەی بۆکان لە کتێبی ئاورێک لە موکریان ، بیرەوەرییەکانم

نووسینی: کاک تایر ئێلخانیزادە دا.




## هاتنی ماڵە مەحموودئاغا بۆ سەردارئاباد

وەک خەون وەبیرم دێ ژن و منداڵی ماڵە مەحموداغا تێگرا هاتبوونە سەردارئاباد. وەک دەیانکوت بە عەرابە و کەژاوە و سواری ئەسپ بە پەلە پرووسکێ حەمامیانیان چۆڵ کردووە و وەڕێکەوتوون . درەنگانێکی شەو بوو برایماغا خەڵکی بەڕێکرد بەرەوپیری ماڵو کۆچەکە برۆن . دەیانکوت لە بانوانڕا کە دێی بەرەوخوار ، پەڵە بەردێکی زۆر دژوارە وعەرابەی پێدا ناڕوا، دەبێ ژنو منداڵ دابەزن و بە پێیان بێنە خوار.

## با بزانین هۆی ئەو کۆچە بە پەلەیە چ بوو؟

هێزی رووسی لە مياندواوڕا هێرشی بۆ هێنابوون ، بە تەمای تالان و کوشتاریان بووە. لە تەورێزیش وایان کردبوو ، زۆر لە عەشایر و دەسترۆیشتووەکانیان تالان کردبوو. ، زۆریشیان کوشتبوون (١) بە تەمابوون لە موکریانیش ئەو کارە بکەن.

هەژاری شاعیر کە یەکێک بوو لە دڵسۆزان و غەمخۆرانی کۆمەڵەی ژ،ک لە کتێبی چێشتی مجێوردا زۆر بە روونی دەریخستوە و دەڵێ: رۆژێکیان لە بۆکان لە سەر مێزی مرادی بەڕێوەبەری کاری دێموکڕات لە بۆکان ، نامەیەکم دی ، لە تەورێزڕا فرقەی دێمۆکڕات نووسیبووی ئامادەگیتان بێ لەو رۆژانەدا هێزێکی فرقە دێ بۆ بۆکان ، بە یارمەتیی ئێوە دەبێ ماڵی ئێلخانی تاڵان بکرێن و پیاوە گەورەکانیان بگیرێن یا بکوژرێن. بە پەلە چوومە مهاباد بۆ لای قازی محەمەد و مەسەلەکەم بۆ گێڕاوە ، زۆری پێناخۆش بوو . دەس بە جێ هەستاچوو بۆ تەورێز و پەشیمانی کردنەوە . پاشان ماڵە ئێلخانی دەیانگوت ئەگەر تۆ نەبای تووشی بەڵای گەورە دەبووین.

رووس دەستیان هەڵنەگرت ، دوای چەند رۆژ پۆلێک سەربازی رووس دەگەڵ چەند کوردێکی سەر بە حیزبی توودە دەوری قەڵای بۆکان دەگرن کە مزڵی کوڕانی مەحموداغا و حاجی بایزاغا بوو . ئەحمەدی مەلا ساڵح / مەلاساڵح پیاوی حەمەدەمیناغا و لەمەنگوڕان را هاتبوو/ ماڵی لە عەلیاباد بوو، ئەو رۆژە لەویبووە ، دەیکوت : حەمەدەميناغای کوڕی مەحموداغا لە یەکێک لە وەتاغەکانی قەڵا خەوتبوو ، کاتی نیوەڕۆ بوو ، پیاوێک لە نێو شاری را هات کوتی کۆڕە هەڵێن دەورە دراون . ئیدی چووم حەمەدەمیناغام هەستاند لە خەوێ . ئەسپەکانمان لە حەوشەی قەڵا بەستبوونەوە زینیان پێوە بوو سوار بووین ،

دەروازەی قەڵا ماشێنێکی پڕ لە سەربازی رووسی لێڕاوەستابوو ، بە پشتەوەدا بە پلیکانانداا بە سواری هاتینە خوار . لە خوارێ دوو کەسی تورک بە تفەنگەوە راوەستابوون ، دەنگم دان و تفەنگێکم دەبەر پێیان کرد ، تۆقین و خۆیان بە عەرزی دادا ، ئێمەش بە سواری بە کۆڵاناندا بەرەو پردی میراوا بە غار رۆیشتین . گەیشتینە میراوا ماشێنی رووسەکان بە دواماندا هاتن رێگەی لای حەمامیانیان لێگرتین. بە سواری وەشاخی میراوا کەوتین . رێگە نەبوو ماشێن بێتە سەرێ ، تەقەشیان لێنەکردین. لە حەمامیان و شێخلەر ڕا سوارەی خۆمان بە هیمدادمانەوە هاتن . ئەوان کە سوارەکانیان دی گەڕانەوە بۆکان ، لەوێش گیر نەبوون رۆیشتنەوە بۆ میاندواو.(٢) دوای چەند رۆژێکی دیکە دیسان لە میاندواو را هێزێکی زۆری رووس هاتنە بۆکان . دیسان ئاغاکان پەڕینەوە ئەوبەری چۆمی تەتەهوو. ئەو جارە هێزەکە زۆر بوو ، زرێپۆشێکی رووسیان دەگەڵ بوو.

حەمەدەميناغا لە گێڕانەوەی ئەو هێرشەدا دەیکوت : دەگەڵ قاسماغا دە سوارمان دەگەڵ بوو لە میراوا راوەستاین بزانین چ دەکەن، پیاویشمان لە بۆکان دانابوو کە دیتیان دێن بۆمیراوا پێمان بڵێن. پاش سەعاتێک لە بۆکان را خەبەریان داینێ کە هێزەکە بەرەو میراوا وەڕێکەوتن ، چۆم زۆر هاتبوو ، سێڵاو دنیای داگرتبوو ، جگە لە پردە دارەکەی میراوا رێگەی پەڕینەوە نەبوو ، کە زانیمان دێنە پێش بێنزینمان دانابوو پردەکەمان ئاور تێبەردا . چەند تەختەیەکی سووتا و رێگای پەڕینەوە نەما . بۆخۆشمان لە میراوا خۆمان ساز کرد ئەگەر تەقە بکەن جوابیان بدەینەوە . تەقەیان نەکرد و گەڕانەوە میاندواو . ئەو جار لە میاندواو را لە پردی حاجی رەسووڵ لە چۆمی پەڕینەوە ، بە گوێی چۆمی تەتەهوودا بەرەو ژوورهاتبوون. سوڵتاناغای حاجیلەک خەبەری بۆ ناردبووین کە ئەوە دێن بەرەوژوور ، بۆخۆشی بە ماڵومنداڵەوە حاجیلەک چۆڵ دەکەن و دەچنە وەتەمیش ماڵی براکانی . لە حاجیلەک را بەرەو گوندەکانی گۆل و مەڵلالەر دێنە پێش . دێبوکری کە ئەو گوندانە ئی وان بوون لە پێشیان رەویبوون و بەرەوژوور چووبوون .ئەو هێزە لە زۆر جێگا کوتبوویان بەرەو حەمامیان دەڕۆین. ئەو هەواڵانە بە مەحمووداغا دەگەن ، ئەویش باردەکا و کوڕانی عەلیاغاش دێهاتی وشتەپە و عەمبار و ناچیت و داشبەند چۆڵ دەکەن و تێگرا بەرەو ئەو گوندانەی ژووروو بار دەکەن و لە کانیەڕەش و سەرداراباد و حۆسێناباد و عیلماباد و ئاشی گوڵان کۆ دەبنەوە. جگە لە ماڵی ئێلخانی ، تایەفەی سڵەمان یانی قارەمانییەکان (حاجی برایماغای قارەمانی بۆخۆی و برا و ئامۆزاکانی هەمزە خەلیل و وسینە زەرد و زۆری دیکەی تایەفەی سڵەمان) دێنە سەرداراباد. سوڵتاناغای مەعرووفی خۆی و برا و ئامۆزاکانی لەو چەند دێیە دادەمەزرێن. هیچکام لەو خەڵکە دژایەتی کوردستان و شۆڕشەکەی نەکردبوو ، تەنیا تاوانیان ئەوە بوو خاوەن مڵک بوون ، بۆیە وەبەر غەرەزی رووسیە و حیزبی توودە کەوتبوون.

## هەڵوێستی قازی محەمەد لەو وەختەدا

قازی کاتێک دیتی رووس لێبڕاون دوژمنایەتی ماڵە ئێلخانی بکەن و لە ناویان بەرن ، ئەویش ناتوانێ داکۆکیان لێبکا و نەشی دەویست لەو وەختەدا دوژمنایەتی رووسان بکا تا چەند رۆژێک چاوی لەو هێرشەی رووسان قووچاند . لە پاسان ئەویش دوژمنایەتی کۆنی ماڵە خاڵۆیانی (فەیزوڵلابەگیەکان) دەگەڵ دێبوکرییانی ژیاندەوە و عەشیرەتی شکاکی هاندا شان بە شانی رووسان هاتنە گوندەکانی ماڵە ئێلخانی.

دێبوکری و بەگزادە رقەبەرِی کۆنیان هەبوو . لە رۆژگاری خانانی میرموکری را ئەو رقەبەریە هەر درێژ بۆتەوە . لەو رۆژەوە عەولاخانی میرموکری حاکمی موکریان بە دەهۆ و فێڵ هەباساغای سەرۆکی دیبۆکرییانی لە ماڵە خۆیدا خنکاند ، ئەو تەنگ و چەڵەمەیە رۆژ بە رۆژ درێژەی کێشاوە تا ئەو جێگایەی قادراغای کوڕی هەباساغا کاتێک بوو بە سەرۆکی دیبوکرییان ، تەواوی ناوچەی شاروێران و دەوروبەری سابڵاغی لە چنگ تایەفەی خانان دەرهێناوە و بە تۆڵەی کوشتنی بابی زۆری لێکوشتوون و لە ناوچەکەی دەرکردوون. (۳)

بنە چەکەی عێلی فەیزوڵلابەگی یەکێک لەو بنەماڵانەی میر موکریەکان بووە کە لە چنگ قادراغا هەڵاتوون و پەڕەوازەی ناوچەی رۆژهەڵاتی بۆکان بوون. دوای ئەوەش شەڕێکی خوێناوی بەینی بەگزادە و دێبوکری روویداوە ، مەحمووداغای ئێلخانی لە سەر داگیرکردنی گوندی داشاغڵ لە لایەن بەگزادانەوە لەگەڵیان بە شەرهاتووە ، رۆژی ئەوەڵ چەند گوندیان لێ تالان دەکاو گیا و وێنجە و گەنمیان دەسووتێنێ ، رۆژی دوایە لە دەشتی گڵە سپی نزیک بۆکان تێک گیراون و چەند کەس لە هەردوولا کوژراون . بە داخەوە عەشایری کورد هەمیشە لە بەینی خۆیاندا شەرِو کێشەیان بووە و ئەو کێشانە زەرەری زۆری بە شۆڕشەکانی کورد گەیاندووە . ئەو جارەش وەک جارەکانی پێشوو رقەبەرِی بەگزادە و دێبوکری هۆی لێکترازانی قازی محەمەد و ماڵە ئێلخانی بوو. دایکی قازی محەمەد لە ئاغایانی یەکشەوە و عێلی بەگزادە بوو ، بەڵام بەختەوەرانە ئەو کیشەیە زۆر درێژ نەبۆوە و زوو ئاشت بوونەوە.

## ماڵە ئێلخانی لە سەرداراباد

ئەو سێ بنەماڵە یانی ماڵە مەحمووداغا ، حاجی بایزاغا و عەلیاغا ، وەک کوتم لەو پێنج دێیە کۆ ببوونەوە ، هەروەها زۆر بنەماڵەی دیکەی دێبوکریش هاتبوونە ئەو دیهاتە. برایماغای مامم کە مالیکی سەرداراباد بوو دەیگێڕاوە: رۆژێکی لای ئێواری پیاوەکان بانگیان کردم کوتیان ژنێک بە هەڵەداوان لە گوندی بەیرەم را هاتووە لەماڵی ئەحمەد گەرمێنیە، دەڵێ دەبێ برایماغا ببینم کاری زۆر لازمم پێیەتی . کاتێک چوومە ماڵی ئەحمەد گەرمێنی دیتم خات خاتوونی ژنی مینەی کەوە شەلەیە. پێشتر ماڵیان لە حوسێناباد بووە و ئێستا لە بەیرەمن. خات خاتوون کوتی لە بەیرەم مەنگوڕ نەیاندەهێشت هیچ پیاوێک لە دێ وەدەرکەوێ بۆیە مینەی مێردم منی ناردووە خەبەرتان دەمێ مەنگوڕ لەو دێهاتی بەیرەم و بەرجۆ کۆبوونەتەوە و بە تەمان ناغافڵ هێرش بکەنە سەر ماڵە ئێلخانی لە سەردارئاباد. هەروەها لە قۆڵغەتەپەڕا رەسواغای قولغەتەپە کە دیبوکریە و تایەفەی حەمەداغا بوو خەبەری ناردبوو کە سوارەی شکاک لەو نزیکانە بیندراون، بە تەمای هێرشن بۆ سەر سەرداراباد.

مەحمووداغا هەموو جحێڵەکانی خۆیان و دێبوکریەکانی دیکەی کۆ کردەوە بۆ تەگبیر و را کە چ بکەن . هێندێک رایان وابوو ماڵ و خێزان بار بکەن و بڕۆن بۆ عێراق بۆ لای شێخ مەحموود ، زۆر کەس قسەی لێکرد. حاجی بایزاغا کوتی کورد مەسەلێکی جوانی هەیە دەڵێ: بەرد لە جێگای خۆی سەنگینە ، ئێمە لێرە بترازێین زەرەر دەکەین و بە نێوی دژایەتی کورد و شۆڕشەکەیەوە بەد نێومان دەکەن ، دووهەم ئەوانەی هاتوون و بە تەمای هێرشن دوژمنایەتیەکیان دەگەڵ ئێمە نیە ، دنەیان داون و بە تەماعی تاڵان و ماڵ

هاتوون ، لایان وایە رووس بێدەسەڵاتی کردووین . ئەگەر دوو رۆژ شەڕ بێ و ئێمە داکۆکی لە خۆمان بکەین بۆیان روون دەبێتەوە بە بێ کوشتاری زۆر ناتوانن زەفەرمان پێبەرن و دەکشێنەوە، حازر نین خۆیان بۆ ماڵ بە کوشت بدەن . جگە لەوەش بیستوومانە دێبوکری شاروێران و حاجی حەمەداغای شێخاڵی و حاجی بابە شێخ چوونەتە لای قازی محەمەد و پێیان راگەیاندووە ئێمە بە هیچ جۆر رازی بەوە نین کورد خۆبەخۆ بە شەڕ بێن ، ماڵی حاجی ئێلخانی لە پێش هەموو کەسدا لە (ژ/ ک ) دابوون ، هەموو خەرجی گوواری نیشتمان ئەوان داویانە ، ئێستاش هەموو عایداتی بۆکانی خۆیان لە رێگای کوردستان و شۆڕشەکەیدا خەرج دەکەن ، بۆ دەبێ بە قسەی رووسان و هەندێ کوردی بێ ئەزموونی سەر بە حیزبی توودە لەگەڵیان بە شەڕ بێن.

مەحمووداغا قسەکانی حاجی بایزاغای تەئید کرد و کوتی منیش لام وایە دوو رۆژ شەڕ بێ ئەو شڕەخۆرانە دەکشێنەوە . بڕیاریاندا لە جێگای خۆیان بمێننەوە و بەرگری لە هێرشی عەشایر بۆ سەر خۆیان بکەن. لەو رۆژەوە کێشکیان لە سەر هەموو شاخەکان دانا و رێگە و گوزەرەکانیان گرت و خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کرد . دوای دوو سێ رۆژ سێ کەس لە هەرسێک بنەماڵە هەڵبژێردران بچنە سەقز و بزانن بۆ ئینگلیس بێدەنگە بەرامبەر ئەو هەموو دەستدرێژیەی رووسان؟ لە حالێکدا موکریان واداندراوە وەک ناوچەیەکی بێلایەن کە نابێ نە هێزی رووس و نە هێزی ئینگلیس بچێتە نێوی .

ئەو سێ کەسەی هەڵبژێردران حەمەدەمیناغا کوڕی مەحمووداغا، قاسماغا کوڕی حاجی بایزاغا، برایماغا کوری عەلیاغا ، دەگەڵ شەش حەوت سواری ئازاو بە جەرگ بە گوندی عەیزکەند و دەروێشان و تورجاندا چوونە سەقز . لە سەقز بە هۆی حەمەداغای عەباسیەوە نوێنەری ئینگلیسیان دیەوە : کابرای ئینگلیسی کوتی ئاگامان لێیە ئێوە دژی رووس بڵیندترین کێوی ناوچەکەتان گرتوە ، پێتان وایە ئەو عەشیرەتانە هێرشتان دەکەنە سەر یا بۆ ترساندن هاتوون ؟ کوتمان ئەوانە مەرامی سیاسییان نییە بۆ ترساندنیش نەهاتوون ، هەمووی رووت و برسین ، بۆ تاڵان و شڕەخۆری هاتوون . کابرای ئینگلیسی کوتی ئێمە دەگەڵ رووس قسە دەکەین و رێگەیان نادەین لە شکری رووس هێرشتان بۆ بکەن ئەمما بۆ ئەو عەشایرەی هاتوونە دەورەتان چمان بۆ ناکرێ ، دەبێ بۆخۆتان بەرگری لە خۆتان بکەن ، چ یارمەتییەک لازمە ئێمە بۆتان دابین بکەین؟ پێمانکوت ئەو عەشایرە دوژمنایەتییەکیان دەگەڵ ئێمە نییە ، پێیان وایە ئێمە بێدەسەڵات ماوینەوە و لە بەر رووسان ناوێرین دەست بکەینەوە وەک کەلاک هەموو کەس تێمان رۆدێن ، بە تەماعی ماڵ و خەزێنە هاتوون ، ئەگەر ئێوە پووڵێکیان بدەنێ پێمان وایە دەکشێنەوە، بۆخۆشمان سەد تفەنگمان دەوێ. کابرا کوتی سبەینێ خەبەرتان دەدەینەوە . سبەینێ دەگەڵ حەمەداغای سەرا چووینەوە لای کابرای ئینگلیسی ، کوتی ئێرانمان رازی کردووە هەرچەندی بەو عەشایرە پووڵ دەدەن بتاندەنێ ، ئێمەش تا حەوتوویەک تفەنگتان بۆ دەنێرین. ، ئێوە بچنەوە و دەگەڵ ئەو عەشایرە قسە بکەن بزانن بۆتان رازی دەبن بە پووڵێک لێتان بکشێنەوە؟

لە گەڕانەوەدا خەبەرەکەیان داوە بە مەحمووداغا . شەوێش رادیۆ بی بی سی کوتی مەحمووداغای ئێلخانی بڵیندترین کێوی ناوچەکەی گرت و دژی لەشکری رووس راوەستاوە. بیستمانەوە لە مهاباد بوو بە شایعە و دەیانکوت سەدها چەتربازی ئینگلیسی لە شاخی تەرەغە کە ناوەندی ناوجەکەیە دابەزیون.

مامم کوتی رامانسپاردە ئەمەرخانی شکاک ، پێمانکوت پێنسەدهەزار تمەنی نەغدی دەدەینێ بۆ خەرجی سوارە و تفەنگچیەکانی ، ئەویش ئەو گوندانەی لە دەوری بۆکان گرتوویانە چۆڵی کەن و ئەو سوارانەی ناردوویانەتە نێو مەنگوڕان بیانبەنەوە وڵاتی خۆیان. ئەمەرخان زۆری پێخۆش بوو هەروەها مەنگوڕەکانیش بە پوولێک رازیکران و گەمارۆ کۆتایی هات. کاتێک حیزبی توودە دیتی هیچی بۆ نەکرا قازیش بەو هەموو وریاییەی کە بووی کەوتە رێگەی ئاشتی و سازان و کەیخودا راسپاردن . مەلا مستەفای کردە کەیخودا و ناردیە لای مەحمووداغا بۆ نێونجێگەری.

## درێژەی هەیە.